٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە " نەخۆشی و چاکبوونەوە " .

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە بینین ٤- ٧ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .

٤- لەبەرکردن : ڕامان بکە لە ئایەتی نوێی کتێبی پیرۆز و لەبەری بکە. یۆحەنا ١٦: ١٣ . ڕۆژانە بەو پێنج ئایەتەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .

٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : یۆحەنا ٢٠. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .

٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).

٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە.

ڕێبەری هەشتەم – وانەی ٤٤

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) بینینی یۆحەنا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (بینین ٤- ٧).
گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات . تێبینەکانتان بنوسنەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) یۆحەنا ١٦: ١٣

دوو بەدوو **پێداچوونەوە** بکەن بۆ یۆحەنا ١٦: ١٣

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك)	یۆحەنا ٢٠

پێشەکی : بەشەکانی ٢٠ و ٢١ لە ئینجیلی یۆحەنا تایبەتن بە هەستانەوەی مەسیح لە مردن و دەرکەوتنی بۆ مەریەمی مەجدەلی و قوتابیەکانی تر . وە یۆحەنا ٢٠: ٣٠- ٣١ نوسەر پێناسەی ئامانجەکەی دەکات لە نوسینەوەی ئینجیلەکەی .

ڕەنگە وەها دەربکەون شایەتەکانی نوسراو لە ئینجیلی مەتاو مەرقۆس و لۆقاو یۆحەنا پێچەوانەی یەکتر بن ئەم جۆرە پێچەوانەیەی یەکتر دەکرێ شرۆڤەی بکەین و ڕاڤەی بکەین بە شێوەیەکی ماقوڵ وجێی ڕەزامەندی

بێت بەشێوازێك هیچ دژبەیەكبوون وپێچەوانەیەك نەمێنێت بەبێ چارەسەر. كاتێ چوار ئینجیلەكە دەخوێنینەوە پێكەوە ، هیچ جیاوازیەك نابینین لەهیچ ڕوداوێكدا كە ڕوویانداوە . چونكە هەموو نوسەرانی چوار ئینجیلەكە گوێبیستی شایەتیەكانی خەڵكی بوون وهەروەها خۆیان قوتابی عیسا بوونەو چەندین جار گوێبیستی عیسا بوونە ، وە لە كۆتاییدا هەریەك لەوان ئەوەی نوسیوەتەوە كە بە گرنگی زانیوە .

هەنگاوی ١ : بخوێنەوە . وشەكانی خودا

پێكەوە یۆحەنا ٢٠ **دەخوێنینەوە** .

بە نۆرە هەر كەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەكان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢ : ئاشكرای بكە. تێبینیەكان

بیركەوە . ئەو ڕاستیە كامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە كۆی گشتی ئەم ئایەتانە كام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟

بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشكرا بكە كە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبكەوە و بیرۆكەكانت بنوسە لە پەڕاوەكەتدا .

بەشداری بكە. (دوای ئەوەی ئەندامان كاتێك بەسەردەبەن لە بیركردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆكەكانتان بەشداری پێبكەن).

هەریەكێكمان بەشداری دەكەین لەو شتانەی كە ئاشكرا كران لەلایەن ئەندامانەوە .

(لەیادت بێت لەهەر كۆمەڵەیەكی بچوكدا ، ئەندامانی كۆمەڵەكە بە شێوەیەكی جیاواز بەشداری دەكەن).

ئاشكراكردنی ١: جەستەی هەستاوەی عیسا .

چوار ئینجیلەکە ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی عیسای مەسیح بە جەستەوە هەستایەوە و کفنە پێچراوەکان بە جەستەیەوە ڕێگر نەبوونە لە هەستانەوەی ، هەروەها گۆڕە داخرەوەکەش بەهەمان شێوە نەیتوانیوە ڕێگر بێت . دەرگاکان و دەرگای داخراوی تێپەڕاندو و دەرکەوت و دیار نەما وەك چۆن دەیویست . ئەمەش واتای ئەوە نیە سروشتە مرۆڤانەکەی هەروەها هەمان خەسڵەتە خوداییەکەی لە خۆ گرتبوو ، چونکە عیسای مەسیح دوو سروشتی هەیە : سروشتی خودایی و سروشتی مرۆڤانە ، وە هەردوو سروشتەکەی تێکەڵ نەبوون لەسەر زەوی هەروەها ە ئاسمانیش لە شکۆمەندیەکەیدا بە شێوەیەك هەر یەك لەو دوو سروشتە بەشداری سروشتی بەرامبەری بکات ، هەردوو سروشتەکە بە ناوازەیی دەمێننەوە و تێکەڵ بەیەك نابن و ناگۆڕێن ، بەڵام لەهەمان کاتدا لەیەکتریش جیانابنەوە! ئەوە بڕیاری باوەڕی کڵێسای مەسیحە سەبارەت بە سروشتی عیسای مەسیح لە کۆنەوە .

لەسەروو ئەمەشەوە ئەوەی هەستایەوە تەواوی جەستەی عیسای مەسیح بوو ، نەك وەك ئەو لیبرالیانەی پێیان وایە تەنها ڕۆحی مەسیح بوە بەڵکو جەستەی مەسیح هاتە دەرەوەو هەستایەوە ، وە جەستەی مەسیح دێوێکی ئەفسانەیی نەبوو وەك چۆن دۆسیتیەکان – دکائیەکان دەیڵێن بەڵکو جەستەی ڕاستەقینەی بوو ! عیسا سەلماندی کە جەستەی ڕاستەقینەیەتی بەوەی بانگی قوتابیەکانی کرد تاکو دەستی لێبدەن لۆقا ٢٤: ٣٩ ؛ ١یۆحەنا ١: ١ وە نانی خوارد لەگەڵیان لۆقا ٢٤: ٤٠- ٤٣ . جەستەی مەسیح جیاواز نەبوو بەڵکو هەمان جەستەبوو کە گۆڕابوو فیلیپی ٣: ٢١ وە بڕوانە ١کۆرنسۆس ١٥: ٤٢- ٤٤، ٥٣- ٥٤ وەك چۆن جەستەی مەسیح هەستایەوە جەستەی باوەڕدارانیش لە ئایندەدا هەڵدەستنەوەو ئیدی نامرن و نەخۆش نابن و لاواز نابن و دوبارە نامرنەوە تاهەتایە . چونکە جەستەیان شکۆدار دەبێت واتە هەڵگری هەمان خەسڵەتەکانی خودایی دەبن وەکو خۆشەویستی خودا و پیرۆزی و ڕاستودروستی و هێزو دەسەڵات وداناییەکەی . ئەو جەستەیەش نەمرە واتە ئیدی تاهەتایە دەژی لە خۆشی تاهەتاییدا لە ئامادەگی خودادا ! وە ئەو جەستەیە ڕۆحیە واتە ڕۆحی پیرۆز

نوێی دەکاتەوە و دەسەڵاتدار دەبێت بەسەریدا ، زۆر حەز دەکەم جەستەم هەستێتەوە ئەوکات جەستەم دەگۆڕێ و وەکو جەستەی عیسای مەسیح !

یۆحەنا ٢٠: ٣٠- ٣١

ئاشکراکردنی ٢: ئایەتە پەرجوییەکان کە یۆحەنا لە ئینجیلەکەیدا نوسیونی.

یۆحەنا دەڵێ ئەو کۆمەڵێ ئایەتی پەرجوویی نوسیوە لە ئینجیلەکەیدا تاکو خوێنەران بەردەوام بن لە باوەڕ بەوەی عیسای مەسیح کوڕی خودایە ، وە دەڵێ " ئەمانەی نووسراون تاکو باوەڕ بهێنن کە عیسا مەسیحەکەیە، کوڕی خودایە، تاکو بە باوەڕهێنان بە ناوی ئەو ژیانتان هەبێت "

هەنگاوی ٣: پرسیار . ڕونکردنەوە

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە یۆحەنا ٢٠: ١- ٣١ تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

یۆحەنا ٢٠: ١- ٢

پرسیاری ١ : چۆن دڵنیا دەبیت لەو بیرۆکەیەی کە مریەمی مەجدەلی بەتەنها نەبوە لەلای گۆڕەکە لەو کاتەدا ؟

تێبینیەکان .

لە ڕاستیدا ئەگەر بەتەنها یەك ئینجیل بخوێنینەوە ،وا دەردەکەوێت کە ئینجیلەکان دژیەکبونیان تێدایە یاخود پێچەوانەی یەکترن ، بۆ نمونە یۆحەنا باسی یەك ژن دەکات وە مەتا باسی دوو ژن دەکات بەڵام مەرقۆس باسی سێ ژن دەکات وە لۆقا باسی زیاتر لە سێ ژن دەکات لەلای گۆڕەکە . بەڵام گەر هەموو ئینجیلەکان بخوێنینەوە دەبینین هیچ دژیەکبونێکیان نیە و پێچەوانەی یەکتر نین . لۆقا بەڕوونی ئاماژە دەکات بەوەی لەوێدا زیاتر لە سێ ژن هەبوون لە کۆمەڵێك لەو ژنانەی چوون بۆلای گۆڕەکە لۆقا ٢٤: ١٠ وە مەتاو مەرقۆس جۆرێك لە کورتکردنەوە پێشکەش دەکەن بۆ نمونە مەتا باسی مریەمی مەجدەلی و مریەمەکەی تر دەکات . بەڵام یۆحەنا پێدەچێ ئینجیلەکانی دیکەی خوێندوەتەوەو باسەکەی لەوەدا کورتکردۆتەوە کە تەنها تایبەت بێت بە مەریەمی مەجدەلی .
ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ یۆحەنا بڵێ تەنها یەك ژن لەلای گۆڕەکە بوە لەو جارەدا . چونکە مەریەم بە پەترۆس دەڵێ خوداوەندیان لە گۆڕەکە بردوە و نازانین لە کوێ دایاننناوە ! مریەمی مەجدەلی نالێ نازانم دەڵێ نازانین ! بەشێوەی کۆ ! ئەمەش ئاماژەیە بە ڕوونی بۆئەوەی ژنانی دیکەی لەگەڵدا بوە لەلای گۆڕەکە وەك چۆن ئینجیلەکانی تر نوسیویانە !

یۆحەنا ٢٠: ٣- ٩

پرسیاری ٢ : بۆچی پەترۆس ویۆحەنا دەتسبەجێ باوەڕیان کرد ؟

تێبینیەکان .

دوای ئەوەی مریەمی مەجدەلی هەواڵی دا بە قوتابیەکان کە گۆڕەکە بەتاڵە ، پەترۆس و یۆحەنا بەڕاکردن ڕۆیشتن بۆلای گۆڕەکە وە کاتێ گەیشتن کفنە پێچراوەکەیان بینی بەبێ جەستە ، ئیدی دەستبەجێ پەترۆس ویۆحەنا

باوەڕیان کرد کە عیسای مەسیح هەستاوەتەوە لە مردن و زیندووە . بۆیە کتێبی پیرۆز واتایەیەکی نوێ لەخۆ دەگرێ لەلای پەترۆس و یۆحەنا

یۆحەنا ٢٠: ٩ " ئەو کاتە هێشتا لە نووسراوە پیرۆزەکان تێنەگەیشتبوون کە دەبێ لەنێوان مردووواندا هەستێتەوە ... " لەگەڵ ئەوەی ئەوان چەندین جار پەیمانی کۆنیان خوێندبۆوە بەڵام لێی تێنەگەیشتبوون وەکو زەبور ١٦ و ئیشایا ٥٣ . بۆ نمونە زەبور ١٦: ١٠ دەفەرموێ : " چونکە تۆ گیانم لە جیهانی مردووواندا بەجێناهێڵیت، هەروەها ڕێگا نادەیت ئەوەی تۆ پیرۆزت کردووە لەناو گۆڕ بۆگەن بێت ." وە ئیشایا ٥٣ : ١١ " لەدوای ئەوئازارەی بەرگەی گرت،ڕووناکی ژیان دەبینێت و تێر دەبێت، بە زانینی بەندە ڕاستودروستەکەم زۆر کەس بێتاوان دەکات و ئەو تاوانەکانیان هەڵدەگرێت ." لۆقا ٢٤: ٤٤ ؛ مەرقۆس ٨: ٣١ ؛ ٩: ٣١؛ ١٠: ٣٣- ٣٤)!

یۆحەنا ٢٠: ١٤- ١٧

پرسیاری ٣: بۆچی عیسا بە مەریەمی مەجدەلی ووت دەستم لێمەدە ؟

تێبینیەکان .

کاتێ خوداوەند عیسای مەسیح دەرکەوت بۆ مەریەمی مەجدەلی ، سەرەتا مەریەم وایزانی باخەوانەکەیە . بەهۆی ئەوەی بڕوای نەبوو عیسا بە زیندوویی ببینێت بەڵکو ئەو دەگەڕا بەدوای جەستەیەکی مردوودا! بەڵام کاتێ عیسا بەناوە ئارامیەکەی بانگی کرد "مریەم" وە بەزمانی دایکی قسەی لەگەڵ کرد ، ئیدی عیسای ناسیەوەو حەزی کرد بەتوندی بیگرێ بەشێوەیەك ڕیگەی نەدا جارێکی تر بڕوات .

پێش مردنی عیسا مریەم بۆ ماوەیەکی زۆر ئەزموندار بوو لە بینینی عیسا لەگەڵ قوتابیەکان وەبەشداری گەرم و باشی هەبوو لەگەڵیدا . بۆیە عیسا پێی دەڵێ نەیگرێ بەو شێوەیەی کە ڕێگر بێت لە ڕۆیشتنی . چونکە هێشتا نەگەڕاوەتەوە بۆلای باوك . عیسا ناڕازی نەبوو لە دەستلیدانی و

گرتنی بەڵام پەیامێکی دایە کە چیتر وەکو پێشوو لەگەڵیان نابێت بەڵکو وەك چۆن بۆ ئەو دەرکەوت بۆ کەسانی دیکەش دەردەکەوێت هەروەها پەیامێك بوو کە پەیوەندیەکان گۆڕان لەگەڵ قوتابیەکانیدا . ئەو پەیوەندیە ڕۆژانەی پێشتر کە بەشێوەی بینراو لەگەڵ یەك بوون کۆتایی هات . چونکە پاش ماوەیەکی کورت بەرزدەبێتەوە بۆ ئاسمان وڕۆحی دەڕژێنێتە سەر قوتابیەکانی و ئەوانەی بەشداری دەکەن بە هەمیشەیی وە ئەم دڵخۆشی وشادیە زۆر مەزنترە ، چونکە بەشداریەکی خوداوەندی هەستاوەیە لەئاسمان لەگەڵ کڵێساکەی لە زەوی !

یۆحەنا ٢٠: ٣٠- ٣١

پرسیاری ٤: بۆچی عیسا بە هەندێ لە ژنەکان دەڵێ ئەو دەڕوات بۆ جەلیل وە بە مەریەمی مەجدەلی دەڵێ ئەو دەڕوات بۆلای باوکی ئاسمانی؟

تێبینیەکان .

أ. هەستانەوەی عیسای مەسیح و دەرکەوتنەکانی . مەتا ٢٨: ٧ ؛ مەتا ٢٨: ١٦- ٢٠

ب. بەرزبوونەوەی عیسای مەسیح و پەیوەندی نوێ .

یۆحەنا ٢٠: ١٧ ؛ یۆحەنا ١٥: ١٣- ١٥ ؛ هەروەها بڕوانە یۆحەنا ٨: ٤١- ٤٤ .

یۆحەنا ٢٠: ٢١- ٢٣

پرسیاری ٥: ئەو دەسەڵاتە کامەیە عیسای مەسیح نێردراوەکانی پێنارد بۆ جیهان ؟

تێبینیەکان .

أ. ئەوکات نێردراوێتی بەڕێژەی یەکەم بۆ نێردراوەکانی عیسای مەسیح بوو .

لەو ئێوارەدا کە عیسا هەستابۆوە لە مردن ،دەرکەوت بۆ دە لە قوتابیەکانی و ئەوانی تر پێکەوە لۆقا ٢٤: ٣٣ . دوای ئەوە عیسا قسەی لەگەڵ کردن و ڕایسپاردن بۆ ئەرکە مەزنەکە یۆحەنا ١٧: ١٨ ؛ یۆحەنا ٢٠: ٢١ کردار ١: ٢١- ٢٢ کردار ١: ٨ ؛ مەتا ٢٨: ١٨- ٢٠ ؛ مەتا ١٦: ١٨ ؛ مەتا ١٦: ١٨- ١٩ ؛ ١٨: ١٨- ١٩ ؛ کردار ١: ٢١- ٢٢ .

ب. وەرگرتنی ڕۆحی پیرۆز لەپێناوی ئەوەی هێزیان بداتێ بۆ تەواوکردنی ئەرکەکەیان . یۆحەنا ٢٠: ٢٢ هەمان ئەوەی لە یۆحەنا ٣: ٨ دا هاتوە بەراوردی بکە بە پەیدابوون ٢: ٧ . بەڵام لە یۆحەنا ٢٠: ٢٢- ٢٣ فوولێکردن تایبەت نیە بە ژیان ، بەڵکو بە پێدانی هێز لەپێناوی خزمەت ، فوولێکردن هێمایەك بوو بۆ دیاریەکی تایبەت و دیاریکراو لەلایەن ڕۆحی پیرۆزەوە هەروەها دیاری خودا لە ڕۆحی پیرۆزدا بۆ لێخۆشبوونی گوناهەو ڕاگەیاندنی مزگێنی عیسای مەسیح لە جیهان.

ج. ئەرکە مەزنەکەو دەسەڵات ناکرێت پەیڕەوبکرێ بەشێوەی سەربەخۆ بەبێ خودا .

یۆحەنا ١٤: ٢٦؛ ١٦: ١٣- ١٥ ؛ بڕوانە ١٤: ٦ ؛ ١٧: ١٨ ئەفەسۆس ٦: ١٧ ؛ گەڵاتیە ٢: ١١ ؛ ١کۆرنسۆس ٣: ٥- ٦ . !

هەنگاوی ٤: یەیرەوی بکە. **پەپرەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە یۆحەنا ٢٠.

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە

ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینـاوە لەسەر دڵت.
(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان
پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن .
ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١ـ نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ئینجیلی یۆحەنا ٢٠ .

٢٠: ٥ـ ٨ : لێکۆڵینەوە لە بەڵگە مێژووییەکان بکە تایبەت بە هەستانەوەی عیسای مەسیح و باوەڕ بە بەڵگەکان بکە !

٢٠: ١١ : باوەڕدای مەسیح کاتی دڵتەنگبوونی بەهۆی لەدەستدانی خۆشەویستێکی گوزارشێکی ڕاستەقینەو پێویست دەکات لە هەستەکەی پێش ئەوەی هەستی دڵتەنگیەکەی چاک بێتەوە .

٢٠: ١٨: ئەوەی خودا لەژیانتدا کردی هەواڵ بدە بەکەسانی تر.

٢٠: ٢١: هەرچەند دەتوانی فێر بە لەوەی کە مەسیح چۆن خزمەتەکەی تەواوکرد.

٢٠: ٢٢: باوەڕت هەبێت کە عیسای مەسیح ئامادەت دەکات بۆ ئەو خزمەتەی بانگت دەکات ئەنجامی بدەیت .

٢٠: ٢٦ـ ٢٩ : بوەستە لە گومانکردن و بڕوا بەو ڕاستیە مێژووییانە بکە کە تایبەتە بە عیسای مەسیح ، پیرۆز دەبیت !

٢٠: ٣٠ـ ٣١ : پەرجوەکانی عیسای مەسیح بە ڕێژەی یەکەم " نیشانەن" وەك ئاماژە بەرەو عیسای مەسیح کە کێ یە ئەو .

٢٠: ٣١ : ژیانی هەتاهەتایی وەرناگریت تا باوەڕ بە عیسای مەسیح نەهێنیت کە مەسیای چاوەڕوانکراوە و کوڕی خودایە .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. دەمەوێ بەردەوام نەبم لە ترس لەمردن . چونکە هیوای باوەڕداری مەسیح دڵنیاییە کاتێ جەستەم دەگۆڕێ وەك شێوەی جەستەی مەسیحی شکۆدار ! دەزانم کە مردن بەزیوەو هەڵدەستمەوە لە مردن و دەتوانم بە هیواوە بڕوانمە ئایندەم پڕ لە خۆشی و شادی ! دەمەوێ دان بنێم بەوەدا و باوەڕەکەم بە بەردەوامی ڕابگەیەنم بە هەستانەوە لەمردن !

ب. دەزانم ئەرکە مەزنەکە لە سەرەتادا درا بە نێردراوەکانی عیسای مەسیح . لەگەڵ ئەوەی نێردراوەکانی عیسای مەسیح جێگرەوەیان نەبوو ، بەڵام ئەرکە مەزنەکە تایبەتە بە هەموو کڵێسای مەسیح . دەبێت هەموو کڵێسایەکی ناوخۆ لە جیهاندا بەشداری بکات لەم ئەرکە مەزنە بە ڕابەرایەتی پیرەکانی ! دەبێت مزگێنی ئینجیل ڕابگەیەنرێ بۆ هەموو بەدیهێنراوەکان ، وە دەبێت شوێنکەوتوانی عیسای مەسیح بکرێن بە قوتابی لە هەموو نەتەوەکانی جیهان . وە مزگێنی ئینجیل ڕابگەیەنن ، ئیدی خودا بەدەسەڵاتی خۆی خەڵکی دەهێنێت بۆ عیسای مەسیح و لە گوناهەکانیان خۆش دەبێت ، دەمەوێ بە بەردەوامی ئەو ڕاستیە بزانم کە خودا ئەرک ودەسەڵاتێکی نەداوە پێم دوور لە خۆی و سەربەخۆ لە عیسای مەسیح ! وەك چۆن عیسای مەسیح لە یۆحەنا ١٥: ٥ دەفەرموێ " چونکە بەبێ من ناتوانن هیچ شتێك بکەن ." وە دەفەرموێ " ئەوەی بە منەوە پەیوەست بێت و منیش بەوەوە، ئەوا بەرهەمی زۆر دەگرێت ."

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە یۆحەنا ٢٠ .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆقە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی .
نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ئینجیلی یۆحەنا ٢٠.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە بینین ٨- ١١ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : یۆحەنا ١٦: ١٤ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٦- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .